# الرسالة فى اشعار ميرزا هورامى

نرمين محمد حسين

جامعة گرميان/ كلية الحاسوب وتكنولوجيا المعلومات/ قسم تكنولوجيا المعلومات.

Narmin.muhammad@garmiam.edu.krg

عماد شكور محمود

وزارة التربية والتعليم مديرية تربية گرميان/ كردستان/ العراق.

emad.shkur2014@gmail.com

ربيع اسماعيل خالد

جامعة نولج/كلية العلوم/قسم اللغة الكردية/ كردستان/العراق.

rabeea.zebary@knu.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: التعليم، المرأة، الشعر ، ميرزا هورامي.

**كيفية اقتباس البحث**

حسين , نرمين محمد , عماد شكور محمود , ربيع اسماعيل خالد , الرسالة فى اشعار ميرزا هورامى,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**مفهرسة في Indexed**
**IASJ**

**مسجلة في Registered**
**ROAD**

# The message in the poetry of Mirza Hawrami

Narmin Mohammed Hussein

Garmian University, College of Computer and Information Technology, Department of IT.

Narmin.muhammad@garmiam.edu.krg

Emad Shukur Mahmoud

Ministry of Education, Garmian, Kurdistan, Iraq.

emad.shkur2014@gmail.com

Rabi Ismail Khalid

University of Knowledge/College of Science/Kurdish Department, Kurdistan/Iraq.

rabeea.zebary@knu.edu.iq

**Keywords** : intellectual message, education and science, women, class, religio

## How To Cite This Article

Hussein , Narmin Mohammed , Emad Shukur Mahmoud , Rabi Ismail Khalid , The message in the poetry of Mirza Hawrami ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract**

Mulla Muhammad Amini Mirzaei (Mirza Hawrami) (1335... still alive) is one of the Kurdish poets who paid great attention to the intellectual aspect of his poetry. He addressed his poems as an intellectual message to his society, aiming to raise awareness among his people about the phenomena that cause their backwardness. Mirza Hawrami is considered one of the most prominent supporters of the Kurdish intellectual movement, yet he has not received much research. Let us introduce poets in light of this research, especially those whose poems carry a message of Kurdish intellectual and social awareness. In this study, we used the descriptive-analytical and historical methodologies. This research consists of an abstract, an introduction, two sections, a conclusion, and a list of sources. The second section, a practical application, explains issues of education, science, religion, class, ethnicity, and nationalism. Finally, we arrive at several conclusions concisely, presenting the sciences.

**ملخص**

الملا محمد أميني ميرزايي (ميرزا هورامي) (١٣٣٥... لا يزال حيا)، هو أحد الشعراء الأكراد الذين اهتموا كثيرا بالجانب الفكري في مضمون قصائده. تناول قصائده كرسالة فكرية لمجتمعه، بهدف توعية أمته بالظواهر التي تسبب تخلفها. يعد ميرزا هورامي من أبرز الداعمين للحركة الفكرية الكردية، ولكن لم تجر عليه أبحاث كثيرة. فلنعرف الشعراء على ضوء البحث، وخاصة النصوص الشعرية التي تحمل رسالة الوعي الفكري والاجتماعي الكردي. في هذه الدراسة، استخدمنا المنهجين الوصفي التحليلي والتاريخي. يتكون هذا البحث من ملخص ومقدمة وقسمين وخاتمة وقائمة بالمصادر. أما الجزء الثاني، وهو تطبيق عملي، فقد شرحنا فيه قضايا التعليم والعلم والدين والطبقة والعرق والقومية. وأخيرا، توصلنا إلى عدة استنتاجات بشكل موجز ومختصر، حيث عرضنا العلم.

## پەیامداری دەقی هۆنراوەکانی میرزای هەورامی

١_ نرمين محمد حسين/ زانکۆی گەرمیان/ کۆلێژی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆجیای زانیاری/ بەشی IT.

Narmin.muhammad@garmiam.edu.krg

٢_ عماد شکور محمود/ وەزارەتی پەروەردە/ب/پ/ گەرمیان، کوردستان/ عراق.

emad.shkur2014@gmail.com

٣_ رەبیع اسماعیل خالد/ زانکۆی نۆلج/ کۆلێژی زانست/ بەشی کوردی، کوردستان/ عراق.

rabeea.zebary@knu.edu.iq

**پوختە**

مەلا موحەممەد ئەمینی میرزایی(میرزای هەورامی)(١٣٣٥..... لەژیان ماوە)، یەکێکە لەو هەڵبەستڤانانەی کورد، کە لە ناوەڕۆکی هۆنراوەکانیدا گرنگییەکی بێشوماری بە لایەنی ڕۆشنبیرکردنی تاک داوە. هۆنراوەکانی وەکو پەیامێکی ڕووناکبیری ئاراستەی کۆمەڵگاکەی کردووە، بۆئەوەی نەتەوەکەی لەو دیاردانەی دەبنە هۆی دواکەوتنی نەتەوەکەی هۆشیار بکاتەوە. میرزای هەورامی یەکێکە لە هەڵبەستڤانە هەرە دیارەکانی ناو بزوتنەوەی ڕووناکبیریی کوردی، بەڵام کەمترین توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دراوە، بۆیە بەپێویستی دەزانین لایەنی شاراوە و دیاری ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی ئەم هەڵبەستڤانە بخەینەبەر تیشکی لێکۆڵینەوە، بەتایبەت ئەو دەقە هۆنراوانەی، کە هەڵگری پەیامی ڕووناکبیری و هۆشیاریی کۆمەڵگای کوردین. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری و مێژوویمان بەکارهێناوە. ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دووبەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە، لەسەرەتادا بە پوختەیەك توێژینەوەکەمان ناساندووە، پاشان لەبەشی یەکەمدا باسی (زاراوە و پێناسە و مێژووی بزوتنەوەی ڕووناکبیریمان) وروژاندووە، لەبەشی دووەمدا، کە پراکتیزەیی کارەکییە، بابەتەکانی (خوێندن و زانست، ئاین، چینایەتی، نەتەوایەتی و نیشتمانی)مان ڕوونکردووەتەوە، لە کۆتاییشدا گەیشتووین بەچەند ئەنجامێك بەشێوەیەکی کورت و پوخت و زانسیتی خستوومانەتە ڕوو.

**چەمکەکلیلیەکان:** خوێندن، ئافرەت، شیعر، میرزای هەورامی.

**پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی (پەیامداری دەقی هۆنراوەکانی میرزای هەورامی)دایە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئەو بابەتانەی، وەکو هەوڵێکی ڕووناکبیریی، کە لە هۆنراوەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە. ڕووناکبیری بزووتنەوەیەکی گشتگیر و بەرفراوانبوو، بەشێکی زۆری کایە کۆمەڵایەتییەکانی گرتبووەوە، بەتایبەت بواری (سیاسی و کلتوری و ئاینی و ئەدەبیات و هەروەها فەلسەفە و هونەر)، لە ئەوروپا و ڕۆژئاواوە سەری هەڵداوە و پاشانیش لەڕێگەی نەتەوە دراوسێکانەوە گەیشتووە بە کوردستان، لەم ناوەندەشدا شاعیران ئەرکی بڵاوکردنەوەی پەیامی ئەم بزووتنەوەیەیان گرتە ئەستۆی خۆیان و بە پەیامی شیعری کۆمەڵگاکەیان هۆشیاردەکردەوە لە دیاردە نالەبار و خراپەکان.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** میرزای هەورامی یەکێکە لە هەڵبەستڤانە هەرە دیارەکانی نێو بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردی، ئەمەش لە نێوەڕۆکی هۆنراوەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام کەمترین توێژینەوەی لەسەر ئەنجام دراوە، بۆیە بەپێویستی دەزانین لایەنی شاراوە و دیاری ئەم هەڵبەستڤانە بخەینەبەر تیشکی لێکۆڵینەوە، بەتایبەت ئەو دەقە هۆنراوانەی کە هەڵگری پەیامی ڕووناکبیری و هۆشیاریی کۆمەڵگای کوردین.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاری و مێژوویمان بەکارهێناوە.

**ئامانجی توێژینەوزەکە:** لەم توێژینەوەیدا ئامانجمانە ئەو پەیامە ڕووناکبیریانە لەهۆنراوەکانی شاعیردا دەربخەین، کە وەکو ئامرازێکن بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە.

پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

١_ ئایا ناوەڕۆکی شیعرەکانی شاعیر هەڵگری پەیامی ڕووناکبیرین؟

٢_ ئایا شاعیر بەهەمان شێوەی ڕووناکبیرانی ئەورووپا و ڕۆژئاوا بیری کردووەتەوە؟

٣_ ئایا شاعیر تا چەند ڕۆڵی لە ڕوناکبیرکردنی تاکی کۆمەڵگەدا هەبووە؟

**بەشەکانی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پوختە و پێشەکی و دووبەش و ئەنجام پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** زاراوە و پێناسە و مێژووی بزوتنەوەی ڕووناکبیریی.

**بەشی دووەم:** کە پراکتیزەیی کارەکییە.

## بەشی یەکەم: زاراوە و چەمکی و مێژووی ڕووناکبیری.

### ١-١- زاراوە و پێناسەی ڕووناکبیری

زاراوەی ڕووناکبیریی لە زمانە ئەورووپییەکاندا دەستەواژەی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە، بەشێوەیەك، کە لە ((زمانی فەرەنسیدا (Lumiere)، لە زمانی ئینگلیزیدا (Enlightenment)، لە زمانی ئیتاڵیدا (Illumismo)، لە زمانی ئەڵمانیدا (Aufklarung), هەروەها لە لەزمانی ئیسپانیدا (Ilustracion)، بۆ بەکارهاتووە))( بوروبیر، ٢٠٠٦: ١٩). هەروەك لە زمانی عەرەبیشدا هەردوو زاراوەی (الاستنارة و التنویر)ی بۆ بەکارهاتووە و لەلای فارسیش زاراوەی (روشنفکر (روشنگر) و لە زمانی کوردیشدا هەردوو زاراوەی (ڕووناکبیری و ڕوشنگەری) بۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام زاراوەی ڕۆشنگەری زیاتر لە زمانی فارسییەوە نزیکترە وەك لە زمانی کوردی، چونکە ڕاستە ((وشەی (ڕۆشن) لەهەندێ بەشە دیالێکتی زمانی کوردیدا بەرامبەر بە واتای (ڕووناك) بەکاردێت، بەڵام لەڕاستیدا وشەی (ڕووناك) پەسەند و گونجاوترە، هەروەها تاڕادەیەکی فراوان لەبواری نووسینی ئەکادیمیدا ڕووناکبیریی بووە بە زاراوەیەکی جێگیر و لەنێو نووسەراندا پشتی پێدەبەسترێت.))(مەجید،٢٠١٩: ٦).

لای ابن منظور (١٢٣٢-١٣١١م), لە ڕوانگە واتایە زمانییەکەیەوە بریتییە لە ((کازیوەی بەرەبەیان و پرشنگدانەوە))(بن التویجري ٢٠١٥: ١١). زاراوەی ڕووناکبیریی تێروانینی جیاواز هەڵناگرێت، بەڵکو واتایەکی دیاریکراوی هەیە، کە ئەتوانرێت لەدوو تێروانینی سەرەکیدا کۆبکرێتەوە، ئەوانیش: تێروانینی ئایینی، کە مەبەست لێی (ڕووناکی خودا)یە, هەروەها تێروانینێکی فەلسەفی، کە مەبەست لێی ((ڕووناکی عەقڵ)ە))(بغورە، ٢٠٠٩: ٧١-٧٢).



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

سەبارەت بە پێناسەی ڕووناکبیر دەگوترێت: کەسێك سەرقاڵی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و لێکۆڵینەوە لە واقیعی کۆمەڵگا بێت، هەروەها چارەسەر بۆ کێشە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگا پێشنیار دەکات. ڕووناکبیر لە جیهانی ڕووناکبیرییەوە هاتووە، وەکو ناوبژیوانێك بەشداری پرۆسەی سیاسەت دەکات و سەرکۆنەی نادادپەروەری دەکات و بەرگری لە سیستەمی بەهابالاکان دەکات.(ئۆری، ٢٠٠٢: ١٠). بەپێی ئەم پێناسەیەی، کە بۆ کەسی ڕووناکبیر کراوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە میرزای هەورامی کەسێکی ڕەخنەگرە و بە پەیامی شیعری لێکۆڵینەوەی لە واقیعی کۆمەڵگاکەی کردووە و هەوڵی چارەسەری ناتەواویی و کێشەکانی نێو کۆمەڵگاداوە، لەبارەی سیاسەت و نادادپەروەرییەوە هەڵوێستی جدی خۆی هەبووە و کۆمەڵگاشی لە هەڵوێستەکانی ئاگادارکردووەتەوە، ڕەخنەی لە دووبەرەکی نێو کۆمەڵگا گرتووە و هانی خەڵکی داوە بۆ خۆشویستنی نیشتمان و نەتەوە، هەوڵیداوە پەسنی کرێکاران بدات بۆئەوەی لە سیستەمی دەرەبەگایەتی دەربازبن و گرنگی بە سەرچاوە نێوخۆییەکانی خۆیان بۆ ئەم مەبەستەش هانی داون گرنگی بەکشتوکاڵ و باخداری بدەن، لەم ڕوانگەیەوە پەیامی ڕووناکبیرانەی وەکو هەوڵێکی سەرەتای ڕووناکبیرانە بەدیدەکەین.

**١-٢- مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕووناکبیریی.**

مێژووی ئەم بزووتنەوەیە فکرییە و ڕەگ و ڕیشەکەی سەردەمی چاخی ڕێنسانس بوو، ناوەندی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەکەشی بۆ ئیتالیا دەگەڕێتەوە، دواتر وڵاتانی وەکو (فەرەنسا، ئیسپانیا، ئەڵمانیا، هەروەها ئینگلتەرا) ی گرتەوە، لە ئەوروپا بەتایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کرانەوە و گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە ئارادا نەبوو، بەربەستێکی زۆر لەبەردەم پرۆسەی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگادا هەبوو، بەڵام لەسەردەمی ڕێنسانسدا چەندین گۆڕانکاری ڕیشەیی ڕوویاندا ئەمەش وایکرد بەردەستەکانی بەردەم پرۆشەی ڕووناکبیریی هەڵبتەکێنێت، لە دیارترین ئەو گۆڕانکاریانەش ((دۆزینەوە جوگرافییەکان و گەشتیاری جیهانی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی بزوتنەوەی ڕووناکبیری بە دنیادا))(دان، ٢٠٠٨: ١٨)، سەرەڕای ئەوەی شۆڕشی ئاینی و عەقڵگەرایی و گەشەسەندنی پیشەسازی و گەشتە بازرگانییەکان، شانبەشانی ڕاپەڕینی ڕێنسانس ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لەبڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی ڕووناکبیریی لەئەورووپادا.

ڕووناکبیریی ئەو شۆڕشە فیکرییە سەرتاسەرییە بوو، کە پێشتر لە مێژوودا ڕووی نەدابوو، ئەم بزوتنەوە لە ئەوروپا بەر لەسەدەی هەژدەیەم و بە دیاریکراویش دوای ساڵی ١٦٥٠ز دەستی پێکرد، واتە دوای ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەم کاتێك فەیلەسوفانی ئەوروپا بۆ یەکەم جار توانیان ڕەخنە لە ئاین بە تایبەت دۆکماتیزمی کاتۆلیکی بگرن.((ساڵح، ٢٠٠٥: ١٢٩) بەپێی دیارترین ئەو سەرچاوانەی، کە لەبارەی ئەم بزووتنەوە فکرییەوە نووسراون، باوەڕیان وایە: ڕینیە دیکارت(١٥٦٩-١٩٥٠)، یەکەم فەیلەسووفی ڕووناکبیریی بووە، کە ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە، هاشم ساڵح (١٩٥٠-...)، ((دیکارت، بەیەکەم کەس دادەنێت، کە زاراوەی ڕووناکبیری بەواتا نوێیەکەی و جیاواز لەمانا ئاینییەکەی بەکارهێنابێت، بۆ نموونە ئەو باس لەڕووناکی سروشتی دەکات، کە مەبەستی لێی ئەوەیە: هەموو ئەو ڕاستیانەن، کە

مرۆڤ تەنها لەرێی بەکارهێنانی عەقڵەوە پێیان دەگات، بەڵام دیکارت ئەم زاراوەیە وەکو چەکێك دژ بە ئایین، یان پیاوانی ئایینی بەکار ناهێنێت، هەروەك چۆن دواتر ڤۆڵتێر و دیدرۆ دەیکەن))(ساڵح، ٢٠٠٥: ١٣٩). ئەم فەیلەسووفە زەمینەسازیکرد بۆ سەرهەڵدانی پرۆسەی ڕووناکبیری لە ڕێگەی میتۆدی گومانگەراییەوە.

مێژووی ڕووناکبیری مێژوویەکی ڕێژەیی و دیاریکراوی نییە، بۆیە لەڕێگەی سەردەمی فەیلەسوفانی ڕووناکبیرییەوە دەتوانین تاڕادەیەکی باش ئاشنا ببین بە سەرەتاکانی ئەم بزووتنەوە فکرییە، کە ئەویش فەیلەسوفانی سەدەی حەڤدە و هەژدەن. لە دیارترینیان (سپینۆزا (١٦٣٢-١٦٧٧) یەکەمین فەیلەسوفی ڕووناکبیرە، جۆن لوك(١٦٣٢-١٧٠٤) دامەزرێنەری هزری لیبڕای بوو، هەروەها ئیسحاق نیوتن (١٦٤٣-١٧٢٧) ئەم بیریار و ڕووناکبیرە زیاتر پەرەی بە ڕێبازی ئەزموونگەرایی دەدا، پیربایل (١٦٤٧-١٧٠٦) دێت، ((کە بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا ڕووناکی سروشتی لە سەروو ڕووناکی میتافیزیکیەوە دانا، ڤۆڵتێر(١٦٩٤-١٧٧٨)، کانت (١٧٢٤-١٨٠٤) گەورە فەیلەسوفی سەدەی هەژدەیەم بوو شێوازێکی مەزنی لە (فەلسەفەی میثاڵیەت) دەرخست وەك شۆڕشێکی گەورە بوو، جان جاك ڕۆسۆ(١٧١٢-١٧٧٨)، ڕۆڵێکی گرنگە بینی لە تێکشکاندنی داب و نەریتە کۆنەکان و کۆت و بەندە ئاینییەکان، هۆڵباخ(١٧٢٣ -١٧٨٩)، لەنەوەی سێیەمی ڕووناکبیرانی فەرەنسی بوو. ئەم فەیلەسوفە ڕووناکبیرانە بەشێوەیەکی تۆکمە و سیستەماتیکیانە برەویان بە بیر و باوەڕەکەیاندا و توانییان گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە نێو میللەتەکەیاندا بڵاو بکەنەوە.

لەناو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا پرۆسەی ڕووناکبیریی تاڕادەیەکی زۆر دەرەنگ دەرکەوت، بەهۆی ئەوەی ئەو ئامرازی بڵاوکردنەوانەی، کە لە ئەورووپا و ڕۆژئاوا بوو لەلای گەلانی ڕۆژهەڵات نەبوو، لەکاتی سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوە فیکرییەدا لە لای نەتەوەی فارس و عەرەب و کورد، ئەوە بەدیدەکرا، کە بەتەواوی لەژێر کاریگەری گەلانی ئەورووپادابوون، ((ڕووناکبیرانی کۆمەڵگای ئێمە زۆربەیان لەژێر کاریگەری سەلیقەی ئەورووپا و ڕۆژئاوادا بوون، هەرگیز نەیانتوانییوە سەربەخۆیی فەرهەنگی و نەتەوەیی بەدەست بهێنن))(ازاد، ١٣٧٩: ٤٠).

لەناو کۆمەڵگای کوردیدا جیاواز لە هەموو نەتەوەکانی دیکە ئەم بزوتنەوەیە دەرکەوت، چوونکە بۆ بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری و گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا، هیچ فەیلەسوف و نوسەرێکی ئەوتۆ نەبوو تاوەکو شان بداتە ژێر ئەم ئەرکە و کۆمەڵگا هۆشیار بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا شاعیران توانیان بە دەقی شیعرەکانیان پەیامی ڕوناکبیریی بڵاوبکەنەوە و توانیان کۆمەڵگا هۆشیار بکەنەوە لەو دیاردە دزێو و نالەبارانەی، کە کۆمەڵگایی دووچاری دواکەوتووی و نەخوێندەواری هەژاری کردبووەوە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە ناوەڕۆکی دەقی شیعری گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی بە هۆکاری ((گەشەسەندنی باری ڕامیاری و فراوان بوون و قوڵبوونەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتووخوازی و نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری)) (مەحمود، ٢٠٠٧: ٣٣). تایبەتمەندی دیاری ئەم پەیامەی شاعیران ئەوەبوو داوای گۆڕانکاری لە پرۆسەی کۆنی خوێندن و بەگژدا چوونەوەی دەرەبەگایەتی و داواکردنی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

مافی ئافرەتان و ڕەخنەگرتن لە چینایەتی و ململانێی ناوخۆیی بووە، لە دیارترین شاعیرانی وەکو ئەحمەدی خانی(١٦٥٠-١٧٠٧)، تا دەگاتە حاجی قادری کۆی(١٨١٦-١٨٩٧) ... هتد، هەروەها شاعیرانی نوێش بە هۆی گۆڕانکارییەکانی ئەورووپاوە و وەرگێڕانی پەرتووکەکانیان ڕاستەخۆ کەوتبوونە ژێر کاریگەرییانەوە توانیان بەدەقە شیعرییەکانیان پەیامی ڕووناکبیرانە بڵاوبکەنەوە لە دیارترینیان پیرەمێرد(١٨٦٧-١٩٥٠) ، بێکەس(١٩٠٥-١٩٤٨) و هێمن موکریانی.....هتد بوون.

### بەشی دووەم: پەیامی ڕووناکبیری دەقی شیعری میرزای هەورامی.

#### ٢-١- زانستخوازی و خوێندن.

زانست لە دیارترین دروشمەکانی بزوتنەوەی ڕووناکبیریی بوو، هەموو نەتەوەکانی جیهان پێشکەوتنی مرۆڤایەتییان بەخوێندن و زانستەوە بەستووەتەوە، هەربۆیە تەواوی هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی زانست بووە، لەنێو نەتەوەی کورددا شاعیران شانیان بەبەر ئەم بارەداوە و هەوڵیانداوە تاوەکوو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گرنگی بەزانست بدەن، چونکە ((کاتێك نەتەوەکانی تریان بینیوە بەهۆی زانستەوە چۆن پێش کەوتوون و سەیری میللەتی کوردیشیان کردووە، کە هێشتا لەناو زەلکاوی نەزانی و نەفامی و دواکەوتوویدایە، بۆیە هەموو هەوڵێکیانداوە و شیعرەکانیان کردۆتە مینبەری هۆشیارکردنەوەی خەڵك و هاندانیان بۆ بەدەست هێنانی خوێندن و زانست))(مستەفا، ٢٠١٧: ٧١٤). شاعیرانی کورد دیارترین چینی ڕووناکبیریی کورد بوون بەدرێژایی مێژوو پەیامی شیعریان بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگابوو، بۆئەوەی گرنگی بەزانست و زانیاری بدەن. میرزای هەورامی یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی نەتەوەییمان، کە گرنگییەکی زۆری بە زانست و زانیاری داوە و وەکوو پەیامێکی ڕووناکبیرانە نێوەرۆکی دەقە شیعرییەکانی بۆ ئەم مژارە تەرخانکردووە و ئاراستەی کۆمەڵگاکەی کردووە و هەروەکو دەڵێت:

| | |
|---|---|
| عیلمە کوڕێکی پەست و بەد ئەخلاق | ئەکا بە مەردی مەشهوری ئافاق |
| عیلمە مەردێکی بێ ناو و نیشان | ئەکا بەناو بانگ لە عەسر و دەوران |
| عیلمە کەسێکی بێ خەبەر لەژین | ئەکا بەزانای میسر و شام و چین( |

هەورامی، ١٣٩٣: ٦٤)

شاعیر هەمیشە بەراوردێکی دروستی لەنێوان خوێندەوار و نەخوێندەواردا کردووە و کەسانی خوێندەوار و زانست دۆستی لە شوێنێکی گرنگی ژیاندا وەسفکردووە و پێی وایە، کە ئەو کەسانەی خاوەنی زانست و زانیارین هەمیشە شوێن و جێگە و پێگەیان دیارە و لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدان، ئەگەرچی ئەو کەسانە لە پێشدا کەسانێکی خراپ و نامەرد و بێ ناونیشان بوون، بەڵام ئەمڕۆ، کە بەهۆی زانستەکەیانەوە خاوەنی جێگە و پێگەی باشن و وەك و زانا و دانای وڵاتانی پێشکەوتووتر دەردەکەون، لێرەوە ئەم بەراوردکارییە وەکو پەیامێکی ڕووناکبیرانەیە، کە ئاراستەی کۆمەڵگاکەی کردووە بۆئەوەی ئەوانی دیکەش بگەڕێنەوە بۆ

گرنگی دان بەزانست بۆئەوەی کۆمەڵگا لە دواکەوتوویی و نەزانی دەربازی ببێت، یاخود دەڵێت:

عیلمە ناوی بەرز ئەهێنێتەوە    بۆ هەزاران ساڵ ناکوژێتەوە

عیلمە خۆی نواند، پڕ ئیختراعات    کردی بەخەڵات بۆ شار و دێهات(هەورامی، ٦٤)

لێرەدا شاعیر هەوڵدەدات سەرنجی کۆمەڵگا بۆئەوە ڕابکێشێت، کە زانست و زانیاری دەبنە هۆکاری ئەوەی، کە لەپاش خۆشمان ناو و ناوبانگمان دەمێنێتەوە و هەر بەردەوامیش دەبێت، ئەمیش بەهۆی ئەو پەیبردن و داهێنانانەوە بووە، کە زانست پێی گەیشتووە و بۆ شار و دێهاتەکان و ئاوەدانی خۆش گوزەرانی هێناوە، لێرەوە پەیامی ڕووناکبیریی شاعیر دەردەکەوێت ئەویش بریتیەلە هاندانی کۆمەڵگا بۆ زانست و زانیاری، لەهەمانکاتدا پەسندانی کەسانی زانستخواز و دانا، بەڵام لەهەمانکاتدا پێی وایە نابێت بەهۆی زانستەوە جۆرە ئامرازێك دروست بکرێت، کە مایەی ماڵ وێرانی و کاولکارییە، بۆیە ڕەخنەیەکی توند لەو جۆرە زانستە دەگرێت و تەنانەت بە جەهل و نەفامی دادەنێ، چونکە دەبنە هۆکاری گریانی هەژاران و لەناوچوونی مرۆڤایەتی، لەم ڕووەوە دەڵێت:

ئەی دەسی بشکێ ئەو زانا بەرزە    تۆپ و دەبابەی خستە ئەم عەرزە

عیلمێ هەژاران بێنێتە گریان    جەهلە بە نەفعی شیمیا و شەیتان(پێشوو، ٦٤)

شاعیر لە بەشێکی ناوەڕۆکی دەقە شیعرەکانی دا هانی خەڵکی بۆ مەسەلەی خوێندن و خوێندەواری داوە، هەمیشە خوێندی بەسەرچاوەی خۆشگوزەرانی وێنا کردووە و بەپەیامی ڕووناکبیرانە ئامۆژگاری ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی کردووە، دیارە ئەمەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە کۆمەڵگایی کوردی لە مێژە کەمتر گرنگیان بە مەسەلەی خوێندن داوە، لێرەوە ئەرکی ڕووناکبیرانەی شاعیر دەردەکەوێت، لە وریاکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگادا بۆ بونیادنانی داهاتوویەکی گەش، لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێت:

ڕۆڵە! ژیانت بەخوێندەواری    برازێنەوە بۆ خزمەتگوزاری(پێشوو، ١٢٢)

قوتابخانە و دانشگاکان لە تەواوی دونیادا جێگەی بڵاوبوونەوەی زانست و زانیارین، هۆکارێکن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، شاعیرانی ڕووناکبیریی کورد لەمێژە درکیان بەوە کردووە، کە کۆمەڵگای کوردی کەم تر لە کۆمەڵگاکانی دیکە گرنگیان بە بابەتی خوێند داوە، هەر لە سەردەمی (حاجی قادر) ەوە بگرە تا شاعیرانی ئەم سەردەمە وەك هەوڵێکی ڕووناکبیرانە هانی خەڵکی دەدەن تاوەکو گرنگی بەخوێندن بدەن و خۆیان لە جەهلی نەزانی و دواکەوتووی ڕزگاربکەن و فێری هونەر و داهێنان ببن. لەم ڕووەوە، هەورامی دەڵێت:

لەمەدرەسە و دانشگا    بەهرەی ژینتان پێ ئەگا( هەورامی، ١٢٥)

له دێر زەمانەوە کۆمەڵگای کوردی، کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی بووە و سەرقاڵی ئاژەڵداری و باخداری بووە، کەمتر پەرژاوەتە سەر ئەوەی، کە بچێتە قووتابخانە و هەوڵی فێربوونی خوێندن و خوێندەواری ببێت، لەلایەکی دیکەشەوە لە گوندەکاندا بەدەگمەن قوتابخانە دەکرایەوە ئەوەی هەش بوو تەنها لەحوجرەکاندا دەخوێندران و زیاتر وانەی دینی بوون، بۆیە شاعیر بەخۆزگە و ئاوات و تاسەوە دەخوازێت لە دێهاتەکانیشدا قوتابخانە بکرایەتەوە و خەڵکی فێری زانست و خوێندەواری ببوایەت، بەڵام کام خوێندن؟ خوێندنێك لە فیکر و هۆشی کوردانەوە نزیك و گوونجاو، بەکام زمان؟ بەزمانی کوردی پاراو، لێرەوە دوو مەسەلەی گرنگ دەرکەوتووە، لەلایەك گرنگی خوێندن، لەلایەکی دیکەشەوە مەسەلەی زمانی نەتەوەیی، کە ئەمەش بابەتێکی گرنگە، مرۆڤی هۆشیار درکی پێدەکات، لەم ڕووەوە شاعیر دەڵێت:

خۆزگە مامۆستا بۆ لادێ ئەهات     لەقوتابخانەی ئارەزوو و ئاوات

دین و زانینی ئەهاورد بۆمان     بەفکر و هۆشی زوانی خۆمان(پێشوو، ١١٩)

**٢-٢- گرنگی دان بە ئافرەتی کورد.**

ژنی کورد لە دێر زەمانەوە شان بەشانی پیاوان کاری هەرەوەزی و کاری ماڵەوەی لەسەرشان بووە، کەچی دووچاری ژێردەستەیی و زوڵم و زۆری پیاوان بووەتەوە، لەم بارەیەوە (د. کەمال مزهر) دەڵێت: ((ئافرەت تەنها لەسەردەمێکی کۆنی مێژوودا نەبێت کە کۆمەڵێکی زۆر سادەو ساکاربووە، لەوەو دوا ئافرەت هەر زەلیلی ماڵ و ژێردەستەی پیاوان بوونە، هەربۆیە ئافرەتانی کوردیش بێبەش نەبوون لەم زوڵم و ژێردەستەییە))(مەزهەر، ١٩٨١: ٥). بۆیە شاعیرانی ڕووناکبیریی کورد وەك هەوڵێکی ڕووناکبیرانە ویستویانە ئەم بەربەستە لەبەردەم پێشکەوتنی ئافرەتاندا بشکێنن و ئەوانیش وەکو پیاوان ڕۆڵیان لەکۆمەڵگادا دیاربێت، بۆیە زۆرجار ئەو خەبات و مێژووە پرشنگدارەی ئافرەتانی کورد بەپێش چاوی کۆمەڵگا دەخەنەوە و کۆمەڵگایی لێ هۆشیار دەکەنەوە.

میرزای هەورامی یەکێکە لە شاعیرانمان هەرگیز لە ناوەڕۆکی شیعرەکانیدا چیاوازی نەکردووە لە نێوان ئافرەت و پیاواندا، ئەگەر لە پەسن دا بووبێت یاخود لە ڕەخنە و توانجدا بێت، بەڵام بەهۆی ئەو ئەرکە زۆر و مافەکەمەیاندا هەوڵیداوە گرنگی ئافرەتانی کورد بەرز بنرخێنێت و مێژووی پرشنگداریان لە شۆڕش و داستانەکاندا لەناو دەقە شیعرییەکانیدا جێگە بکەنەوە، شاعیر لە شیعری (فاتە ڕەش) دا  باس لە جەنگی نێوان تورك و ڕووس دەکات، کە چۆن تورکەکان شکاون و هانایان بۆ کورد هێناوە و لەو نێوەندەشدا ئافرەتێکی کورد بەو نێوە بەهانایانەوە دەچێت، شاعیر دەڵێت:

سەد و بیست ساڵ لەمەوبەر     مێژوو نووسی لە دەفتەر

جەنگی تورك و ڕووس بوو     شەڕ، شەڕی چارەنووس بوو

تورك داما لەبەر رووسا     شپرز، لە چارەنووسا

هەركات زۆری بۆ ئەهات     تورك ئەكەوتە موناجات

هانا و هاوای هاورد     چارەسەری بكا، كورد(هەورامی، ١١٣)

دیارە شاعیر مێژووی ناوچەكانی بەباشی زانیبوە و دیراسەیەكی باشی كردووە، بۆیە ئاگای لە تەواوی ڕووداوەكانی مێژووی چەندین ساڵی ناوچەكەی هەبووە، لێرەدا دەیەوێت چەند مەبەستێكی خۆی لەم دەقە شیعرەدا بەیان بكات، لەلایەك باسی ململانێ ترسنۆكەكانی توركی شەڕخواز، لەلایەكی ترەوە دەیەوێت باسی ئازایەتی نەتەوەی كورد بكات و بەتایبەتیش ئافرەتانی كورد، بۆیە دەیەوێت ئەوە بڵێت، كە ئافرەتانی كورد هیچیان لە پیاوان كەمتر نییە و بەباشی دەتوانن ئەركی خۆیان جێبەجێ بكە، لێرەوە نمونەی (فاتە ڕەش) دەخاتە ڕوو، وەكو هاندانێك بۆئەوەی ژنانی ئێستاش وەكو ئەو ئازا و نەترس و دلێر بن، لە دواتری شیعرەكەدا زیاتر ڕوونی دەكاتەوە و دەڵێت :

فاتە وەك شێری شەرزە     بەو دین و عەقڵە بەرزە

كوردانی كۆكردەوە     لەڕووسانی بردەوە

خۆی فەرماندەی جەنگی بوو     سەفیری یەك ڕەنگی بوو

وێنەی كوردێكی دڵپاك     جەنگاوەرێكی بێ باگ

شكستی دا بە لەشكر     شۆڕەسواری باهونەر (هەورامی، ١١٣)

**٢-٣- ڕەخنە گرتن لە پیاوانی ئاینی.**

یەكێك لە تایبەتمەندییە دیارەكانی شیعری میرزای هەورامی ڕەخنەگرتن بووە لە پیاوانی بەناو ئاینی و لە ژێرەوە خراپەكار و ڕیاكار، بۆیە هێرش دەباتە سەر ((ئەوانەی كەلەسەر ئاین دەژمێردرین واتا ئەو كەسانەی، كە خۆیان كردووە بەپیاو و نوێنەری ئاینی، بەڵام لە گەوهەر و بنچینەدا لە ڕاستیەكانی ئاین لایانداوە و دەستیان كردووە بەفڕ و فێڵ قۆڵبڕین و تەڵەكەبازی و لەخشتەبردنی خەڵك و لەژێر ئەو پەردەیەداو هەروەها بەچەوتیش مەسەلە ئاینیەكانیان بەخەڵكی گەیاندووە)(مەجید، ٢٠١٩: ٢١٣)). دیارە شێخەكان بۆ پاراستنی پێگە و جێگەی خۆیان چەندین ڕەفتاری نا مرۆڤانە و نا ئاینیانە ئەنجامدەدەن، بۆیە شاعیر زۆر بەتوندی هێرشیان دەكاتەسەر و چەندین ناوی ناشرین و خراپیان لێدەنێت، دیارە بۆ مەبەستی هۆشیاركردنەوەی خەڵكە لەو مەلا و شێخانەی، كە ڕەفتاری لەو شێوەیە دەكەن، هەروەكو دەڵێت:

لە داخی برێ لە شێخ و مەلا     كە پاكی دینیان، خستە ژێر بەڵا

سۆفی و دەروێشی وشك و بەجێماو     یا موسڵمانی وڕ و گێژ و خاو



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ئەمانە بوونە جێی فیك و فاكم سەد (صدقت)م وت بۆ نەخشەی (كاكم)م(پێشوو، ٧٧)

شاعیر هەوڵیداوە كۆمەڵگا لە كارە دزێوەكانی بەناو شێخ ومەلا ئاگادار و هۆشیار بكاتەوە، شاعیر خۆی شارەزاییەكی باشی لەئاین و بنەما ئاینییەكاندا هەبووە، لەم ڕوانگەیەوە بە بیرێكی ڕووناك و شارەزاییەكی باشەوە لە بەرامبەریان دەوەستێتەوە ، نەك هەر مەلا و شێخەكان، بەڵكو ڕەخنە لەو موسڵمانە نەفامانەشدەگرێت، كە گێژ و نەفامن و دوای پڕوپاگەندە و كارە دزێو و ڕیاكانی ئەم مەلا و شێخانە دەكەون، لەهەمانكاتدا وێنای ئەم مەلا و شێخانە بە دەستبڕ و فیتنە هەڵگرسێن دەكێشێت و دەخوازێت ئەمانە لە ناوبچن بۆئەوەی كۆمەڵگا لەدەستیان ڕزگاری ببێت و كۆسپی ڕێگای پێشكەوتنی كۆمەڵگا نەمێنێت، لەم بارەیەوە هەورامی دەڵێت:

مەلا بەم شكڵ و شێوە وا هەیە سرە، دەست برە، یا هەر فیتنەیە

خۆزگە ئەم مەلا و شێخ و ساداتە بنەبڕ ئەكران، كۆسپی ڕێگاتە(پێشوو، ٧٦)

## ٢-٤- ڕەخنە گرتن لە چینایەتی و سیاسەتی بێگانە.

كێشەی چینایەتی لەنێو كۆمەڵگای كوردیدا مێژوویەكی دوور و درێژی هەیە، نەك تەنها لەنێو كۆمەڵگایی كوردیدا، بەڵكو لەتەواوی كۆمەڵگاكانی دونیادا هەست بەم جیاوازییە چینایەتییە دەكرێت، بەڵام لەنێو كۆمەڵگایی كوردیدا زیاتر هەستی پێدەكرێت، لەنێو كوردا هەمیشە وا باو بووە، كە ئاغا و دەرەبەگەكان پشت ئەستوور بوون نۆكەر و ژێردەستەكانیانەوە، بۆیە سیفەتی سیفەتی ((هێزی دەرەبەگ بەژمارەی ئەو جوتیارانەی سەر بەئەون بەسترابووەوە، كەمتر گرنگی بەخاوەنداریتی زەوی دەدرا))(گەرمیانی، ٢٠٠٠:٢٤٠). هەمیشە ئاغا و دەرەبەگەكان سەرقاڵی زوڵم و زۆر بوو لە ژێر دەستەكانیان و مڵك و ماڵیانیان زەوتدەكرد دەبوونە هۆكاری هەژار و دواكەوتوویی كۆمەڵگاكەیان ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە ((كۆمەڵی كوردەوای بە حوكمی ئەوەی كەلەدۆخێكی كۆمەڵایەتی گوند نشین دا ژیاوە، سیستەمی دەرەبەگایەتی دەستی بەسەر هەموو بوارەكانی ژیاندا گرتبوو، بۆیە ئەم كۆمەڵگایە جیاوازی چینایەتی زۆر بەئاشكرایی پێوە دیار بوو. زوڵم و زۆرداری ئاغا و دەرەبەگ و چەوساندنەوەی ژێردەستەكانیان و زەوتكردنی هەموو ڕەنج و ماندوو بوونیان كەڵێنێكی زیاتری لەنێوان تاكەكانی كۆمەڵگادا دروست دەكرد و جیاوازی چینایەتیش بەئاشكرا لە كۆمەڵگادا پەیڕەو دەكرا))(ساڵح، ٢٠١٢: ١٥٤).

لێرەوە ئەركی شاعیرانی هۆشیار و ڕووناكبیر دەردەكەوێت، بۆیە لەبەرامبەر ئەم كارە چەپەڵەی ئاغاكاندا وەستانەوە و بە پەیامی ڕووناكبیرانە لەنێو دەقە شیعرییەكانیاندا كۆمەڵگایان هۆشیار دەكردەوە وێنایەكی ناشرینی ئاغا و دەرەبەگەكانیان دەكێشا، لەهەمانكاتدا ڕەخنە و توانجێكی زۆری ئاغا و دەرەبەگەكانیان دەكرد، شاعیر میرزای هەورامی یەكێكە لەو شاعیرانەی هەمیشە لە خەمی كۆمەڵگاكەیدا بووە و لەهەر دیاردەیەكی دزێو و نالەبار

کۆمەڵگاکەی هۆشیار دەکردەوە. هەر ئەم جۆرە کارانەش خۆی لەخۆیدا پەیامێکی ڕووناکبیرانەیە، لە ئەورووپا و ڕۆژئاواش ئەم جۆرە پەیامانە بە پەیامی ڕووناکبیرانە تەماشاکراوە، لەم بارەیەوە هەورامی دەڵێت:

پڕ و پاگەندەی ئاغای قین لەدڵ    وێنەی خار و سەم ئەخاتە ناو گوڵ

بە زوانی لووس، نەرم و ماراوی    جەوانانی کورد ئەخاتە داوی (هەورامی، ٧٩).

دیارە ئاغا و دەرەبەگە کان هەمیشە خەریکی بێگاری و کارەکەری بوونە بە ڕەنجبەر و کرێکاران، بەری ماندووبوون و ڕەنجی هەژارانیان خواردووە و گیرفان و ماڵی خۆیان پێ دەوڵەمەند کردووە و زوڵم و ستەمی زۆریان ئەنجام داوە، بۆیە شاعیر نزای خێر بۆ کرێکاران دەکات و لەهەمانکاتیشدا لایەنێکی دزێوی ئاغا دەردەخات و دەیەوێت وەك پەیامێك بە کۆمەلانی خەڵکی بڵێت کە ئاغاکان کەسانی خراپ و خوێنمژن و پێویستە هۆشیار ببنەوە و لەو بن دەستییە دەربچن، هەروەکو دەڵێت:

دەستت نەناڵێ، چاوت نەیێشێ    پشتت بێگای ((ئاغا)) نەکێشێ

زەویت موبارەك، گیرفانت پڕ بێ    عەمارەت ئاغات هەر شەق و شڕ بێ( هەورامی، ١٢٣)

ئەم شاعیرە، ڕووناکبیرە هەمیشە لە سیاسەتی دەرەوە پەست بووە و ڕەخنەی توندی ئاراستە کردووە، پێی وابوو، ئەم سیاسەتانە بۆ وێرانکردنی کۆمەڵگا هاتوون و شیرازەی کۆمەڵگا بەرەو هەڵدێر دەبەن، بۆیە هەوڵیداوە ڕووە دزێو و ناشرینەکەی ئاشکرا بکات و کۆمەڵگای لێ هۆشیار بکاتەوە، وەکو هەوڵێکی ڕووناکبیرانە، بەردەوام نمونەی زیندووی بەپێش چاوی تاکەکانی کۆمەڵگا خستووە، لەبای سیاسەتەوە دەڵێت:

ئای لە سیاسەت، لە کاروباری    وەك شەیتان لە جێی خوێن ئەبێ جاری

بە هەزار شێوە داوی ئەتەنێ    بەگریان هەتیو هەژار ئەتەنێ

((یتشکل بکل الاشیاء))    غەیر لە سەعادەت، بۆ سوڵح و سەفا

سەد ساڵە لەناو کوردا خەریکە    وەك گوربەی سفڵە بۆ چەوری تیکە(پێشوو، ٧٦)

سیاسەت و داگیرکارییەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان تەنها بۆ خێر و بێری وڵات نەهاتوون، بەڵکو بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیش ئامانجی سەرەکییان بووە، بۆیە شاعیر زۆر بەتوندی ڕەخنەیان لێ دەگرێت و توانجیان لێ دەدات، بە شەیتان و پشیلە وێنایان دەکات، لە هەمانکاتدا ڕەخنە لە تاکەکانی کۆمەڵگا دەگرێت، کە نەفامانە دوایان دەکەون و بەدەم پانگەشە پوچەکەیانەوە دەچن ئەویش بانگەشەی ئازادی و دیموکراسییە، کە هەڵقوڵاوی سیاسەتی دەرەکییە، لەم ڕووەوە دەڵێت:

بەرەڵلایی بوو ئازادی ژنان ژینی ئیدەئال بێ عەقڵ و ئیمان

کچ بە ڕووە ڕەش و لێوی سورەوە وەك ئەسباب بازی، هات لە دوورەوە

کوڕ، بێ سمێڵ و بێ پانتوڵ و ڕەپ لە بیابانی چۆڵ و هۆڵا چەپ (پێشوو، ٨٦)

بەبڕوای شاعیر تێك چوونی شیرازەی کۆمەڵگا بەهۆی سیاسەت و بەناوی تەکنەلۆجیاوە بووە و تاکەکانی کۆمەڵگایی کوردی بە بێ ئاگایی بەدوای کەوتوون و نازانن لە چ بەرخوردێکی کۆمەلایەتی خراپدان، بۆیە دەیەوێت لە ڕێگەی توانج و ڕەخنەوە هۆشیاریان بکاتەوە بۆئەوەی چیدی دوایان نەکەون و لەسەر کلتوری جوانی کوردایەتی لانەدە، ئەمەش وەکو هەوڵێکی ڕووناکبیرانەیە، کە کۆمەڵگاکەت هۆشیار بکەیتەوە بە پەیامی شیعیری لە خراپە و تێکدانی شیرازەی خێزان و کۆمەڵگا. بەدەر لەو سیاسەتە خراپەی کە هێناویانە چەندین ئامرازی دیکەشیان لە ناو کۆمەڵگادا بڵاوکردووەتەوە، کە کۆمەڵگا و خێزان هەڵدەوەشێنێتەوە و لەناوی دەبات بۆیە دیسانەوە شاعیر بە ئەرکی سەرشانی خۆی داناوە کۆمەڵگا لەو جۆرە ئامرازانەش هۆشیار بکاتەوە، تاوەکو لە زیانەکانی پارێزراو بن، لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێت:

بەفیلمی سێکسی و تریاك و بەنگی بێ تەقە لە ماڵ خۆت ئەکا، جەنگی

...........

ئەنواع کاسێت و ویدیۆ، ماشێن هاتە ناو بازار، بۆ حورمەت تاشین(هەورامی، ٨٧)

کاسێت و ویدیۆ و ماشێن سود و قازانجی خۆی هەیە، بەڵام سیاسەتی چەپەڵی دەرەوە دیوە دزێوەکەی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بڵاودەکەنەوە، بەم هۆیەوە شاعیر دەیەوێت کۆمەڵگا لەو دەردە کوشندەیە دەرباز بکات و لە زیانەکانی ئاگاداریان بکاتەوە، ئەم پەیامەی لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنێکی جدییەوە بەیانکردووە و لە بەشێکی زۆری نێوەڕۆکی شیعرەکانی دا هەستی پێدەکرێت.

**٢-٥- هاندان بۆ ڕزگاری نیشتمان و نەتەوە.**

نیشتمان و نەتەوە، دوو چەمکیی سەرەکین، کە لە ناو دەقی شیعری کوردیدا زۆر ئاماژەی بۆ کراوە، لەسەرەتاکانی مێژووی شیعری کوردییەوە، تاوەکو ئێستا جێگەی بایەخ بووە، لە (ئەحمەدی خانییەوە بۆ خانی و نای و سالم و هێمن و هەژار، تادەگاتە شاعیرانی نوێ)، بیری نیشتمانی بەوە ناو دەبرێت، کە ((شیعری نیشتمانی بۆخۆی خۆشەویستی ئەو نیشتمانە و هەستکردن بەو پەیوەندییە دەروونیە ئەگەیەنێت، کە هاوڵاتیان دەبەستێت پێوە و وای لێدەکات خۆشی بویت، شانازی پێوە بکات و قوربانی لە پێناویدا بدات))(مستەفا، ١٩٨٩: ٧٠). هەورامی یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە گرنگییەکی زۆری بەنیشتمان و نەتەوەکەی داوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەشێك لەتاکەکانی کۆمەڵگا خەریکی ململانێی یەکتر بوون و

دووچاری چەندین کێشەی ناوخۆیی ببون، لە هەمانکاتدا ئاگایان لە سیاسەتی دوژمنکارانەی نێودەوڵەتی نەبوون، بۆیە بە پەیامی شیعری هانی خەڵکی دەدات بۆ قوربانی دان و خۆ بەختکردن لە پێناو نیشتمان و نەتەوەدا، دیارە کە نەبوونی نیشتمان و نەتەوە، دەبێتە خۆی نەبوونی سەربەخۆی، ئەمەش دەبێتە هۆکاری بن دەست بوون و دواکەوتوویی، چونکە مرۆڤ بن دەست بوو ئیدی لە مافە سەرەتاییەکانیشی بێبەش دەبێت تەنانەت ناتوانێت وەکو ئینسانیەکی سەردەمیانە بژیت، بۆیە هانی خەڵکی دەدات، پێویستە لە پێناو نیشتمان و نەتەوە کەماندا قوربانی بدەین، نەك هەرئەوە بگرە وای بەباش دەزانێت کە پەژارە لە ژیان نەخوێن بۆ پاراستنی شەرەف و ناموسمان گیانی خۆمان بەخت بکەین.

یەکێك لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ڕووناکبیریی ئاوات و خۆزگە و کۆڵنەدانە لە پێناو ئامانجەکەیدا، شاعیر ئەم تایبەتمەندییە لە بەشێکی زۆری شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت، بۆیە باوەڕی وابووە ئەو هەنیسك و گریانەی کە دووچاری نەتەوەکەی بووەتەوە، ڕۆژێك دێت کۆتایی دێت و نەتەوەکەی دەگات بە ڕزگاری و سەربەستی، هەروەکو دەڵێت:

هەنسك و فرمێسك، گریان و هاوار     خەڵاتە و پڕ بە باڵای کوردەوار

هەتا ئەو ڕۆژە چاو بەسین، پەستین     چاومان کردەوە ئێمەش سەربەستین(پێشوو، ١٠٢).

هەر سەبارەت بە نیشتمان و نەتەوە، شاعیر هەوڵدەدات ئەو مەسەلانە بخەتە بەر باس و بۆ کۆمەڵگاکەی ڕوون بکاتەوە، کە هۆکارن بۆ پێشکەوتن و ئاوەدان کردنەوەی وڵات، بۆیە هانی جوتیاران و کرێکاران دەدات گرنگی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و سامانی نەتەوەی بدەن، ئەم بابەتە، لەلای زۆر شاعیری کوردی بەدی کراوە لەوانە (حاجی قادر و سالم و حەمدی و قانع...هتد)، هەورامیش بە هەمان ڕێچکەی ئەوان کاری کردووە و دەڵێت:

هەرکەس بزانێ فەننی زەراعەت     لەماڵ و حاڵی بار ئەکا مەینەت

....................

ڕەنەقی بازار دەست ڕەنجی تۆیە     هەرکەس بێ کارە هەر ڕەنجەڕۆیە

خۆش بە حاڵ ئەوەی لەو ئاو خاکە     ڕزق دەر ئەهێنێ و لە عام بێباکە(پێشوو، ١٢٣)

شاعیر بەردەوام لە هەوڵی گەڕاندا بووە، بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەم و کورتیانەی، کە کۆمەڵگا لێر بێ خەبەر بوون، بە فیکری ڕووناکی خۆی تیشکی خستووەتەسەری و کۆمەڵگای لێ ئاگادار کردووەتەوە. هەورامی باش شارەزای بەپیتی خاکی کوردان بووە، لە هەمانکاتدا زانیویەتی، کە گەڕانەوە بۆ کشتوکاڵ و بەروبوومی ناوخۆی دەبێتە هۆکاری خۆشگوزەرانی کۆمەڵگا و زیاد بوونی دەستی کار، بۆیە بەردەوام پەیامی کارکردن و بەکارهێنانی خاکی بەپیتی کوردستان لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە.

## ئەنجام

لە کۆتایدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێك لە گرنگترینیان ئەمانەن.

١- بوارەکانی ڕووناکبیری کوردی لەناو دەقی شیعریدا، زیاتر بوارەکانی ( ئاین، خوێندن و خوێندەواری، زانست و زانیاری، جیاوازی ڕەگەزی، مافی ئافرەت، نیشتمان و نەتەوە، دوو بەرەکی، کێشەی سیای، کۆمەڵایەتی، ڕەخنە لە بوارە جیاوەزەکان... هتد)بوون.

٢- پەیێی ئەو پەیامەی لەناوەڕۆکی شیعرەکانی میرزای هەورامی دا هەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە شاعیر هەڵگری پەیامی شیعری ڕووناکبیرانە بووە و دەکرێت وەك هەوڵێکی ڕووناکبیرانە بخرێتە بەر باس و توێژینەوە.

٣- لەشیعرەکانیدا زۆر بواری ڕووناکبیرانەی خستووەتە ڕوو، لەوانە (پەسن و ڕەخنەی ئافرەتانی کورد، گرنگیدان بە زانست و خوێنتدن، ئەم بابەتە لەزۆربەی شیعرەکانی دا دەنگی داوەتەوە و لە هەموو بوارەکانی دیکە زیاتر گرنگی پێداوە. شاعیر خۆی کەسایەتییەکی دیاری ئاینی بووە و چەندین شیعری لەو بوارەدا نوسیوە، کەچی ڕەخنەی لە کەسایەتییە بەناو ئاینەکان گرتووە و سەرزەنیشتی کردووە. بە تێگەیشتنی لە واقیعی کۆمەڵگاکەی داوای لەخەڵکی کردووە گرنگی بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بەرووبوومی ناوخۆییدن. هەمیشە کۆمەڵگای لە سیاسەتی دەرەوە هۆشیارکردووەتەوە و ڕەخنەی لە سیاسەتی دەرەکی گرتووە، نیشتمان و نەتەوەی بە سەرچاوەی ڕزگاری و هۆشیاریی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا داناوە و هانی خەڵکی داوە لەو پێناوەدا قوربانی بدەن.

## سەرچاوەکان


**١- کوردییەکان.**

- دان، جان ئام(٢٠٠٨)، *سەردەمی ڕۆشنگەری*، وەرگێرانی، محمد وەلی کاکەیی و جیهانگیری غەفاریی، چاپی یەکەم بڵاوکراوەی خانەی چاپ و وبڵاوکردنەوەی چوار چرا، سلێمانی.
- ساڵح، ئاوارە کەمال (٢٠١٤)، *ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا*، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
- مەزهەر، د. کەمال(١٩٨١)، *ئافرەت لەمێژوودا*، چاپخانەی الحوادث, بەغدا.
- مستەفا، ئاسۆ عومەر(٢٠١٧) ، *خوێندن وزانست لە شیعری کوردیدا(کرمانجی خواروو١٨١٦-١٩٧٠)*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم ژمارە(١٣)، ڕاپەڕین.
- مەحمود، د. فازیل مەجید(٢٠٠٧)، *سروشت لە شیعری گۆراندا*، دەزگای چاپ و پەخشی سەردم، چاپی یەکەم، سلێمانی.

**٢- نامە ئەکانیمیەکان.**

- مستەفا، محمد فازل(١٩٨٩)، *زێوەر ژیان و بەرهەمی*، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- گەرمیانی، د.عادل مجید محمد(٢٠٠)، *وێنەی بابەتی لە شیعری گۆران و سیابدا*، نامەی دکتورا، زانکۆی بەغداد، کۆلێچی پەروەردە- ابن روشد.
- مەجید، د. سەردار فایەق(٢٠١٩)، *بزووتنەوەی ڕووناکبیری لە ئەدەبی کوردی دابەنمونەی شاعیران(ئەسیری و ئەحمەد موختار جاف)*، نامەی دکتورا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.

**٣- عەرەبییەکان.**

- بغوره، د.الزواوي(٢٠٠٩), *ما بعد الحداثة والتنوير, موقف الانطولوجيا التأريخية* – دراسة نقدية، دار الطلبعة للطباعة والنشر, بيروت، ط١.
- بول هازارد (١٩٨٥)، *الفكر الاوروبي في القرن الثامن عشر، من مونتيسكو الى ليسنج*، ترجمة: محمد غلاب، مراجعة:ابراهيم مدكور, دار الحداثة، بيروت – لبنان, ط٢.
- بيار- ايف بورروبير(٢٠٠٦)، *أوروبا التنوير*، ترجمة: د. محمد علي قلد,ط١، دارالكتب /بنغازي-ليبيا.
- صالح، هاشم(٢٠٠٥)، *مدخل الى التنوير الاوروبي*، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت-لبنان، ط١.
- التوجيرى، د.عبدالعزيز(٢٠١٥)، *مفهوم التنوير في التصور الاسلامي*، منشورات المنضمة الاسلامية في الاسيسكو, الرباط – المملكة المغربية، ط١.

**فارسییەکان**

- أزاد، پيمان(١٣٧٩)، *روشنفكرى چيست؟*، پرتال جامع علوم انسانى، شماره(١٠).
- مهدى، يحي(١٣٧٦)، شكاكان يونان، انتشارات خوارزمي، تهران.

**ئینگلیزییەکان.**

- Pascal Ory\Ory, Pascal and Sirinelli, Jean-François. *Les Intellectuels en France. De l'affaire Dreyfus à nos jours* (*The Intellectuals in France: From the Dreyfus Affair to Our Days*), Paris: Armand Colin, 2002, p. 10.

Sources

1- Kurdish people.

- Dan, John Am (2008), Sardami Roshngari, translated by Mohammed Wali Kakeyi and Jehangiri Ghafari, first edition, published by Chawar Chira Publishing House, Sulaimani.
- Salih, Awara Kamal (2014), Social Criticism and Practice in Goran's Poems, Haji Hashim Printing House, Erbil.
- Mazhar, Dr. Kamal (1981), Women in History, Al-Hawath Printing House, Baghdad.
- Mustafa, Aso Omar (2017), Education and Science in Kurdish Poetry (Lower Kurdish 1816-1970), Journal of Raperin University, Fourth Year No. (13), Raperin.
- Mahmoud, Dr. Fazil Majid (2007), Nature in Goran's Poetry, Sardam Publishing House, First Edition, Sulaimani.

2- The Achaean letters.

- Mustafa, Mohammed Fazel (1989), Zewar Life and Works, Master's Thesis, Salahaddin University, Erbil.
- Garmyani, Dr. Adel Majid Mohammed (200), Article in the poetry of Goran and Siab, PhD thesis, Baghdad University, College of Education - Ibn Rushd.
- Majid, Dr. Sardar Fayeq (2019), Enlightenment Movement in Kurdish Literature as an Example of Poets (Asiri and Ahmad Mukhtar Jaf), PhD Thesis, Sulaimani University, College of Language, Kurdish Department.

3- The Arabs.
- Baghoura, Dr. Al-Zawawi (2009), What after the event and development, the position of historical anthology – critical study, Dar al-Talba'a for printing and publishing, Beirut, vol.
- Paul Hazard (1985), European Thought in the Twentieth Century, From Montesquieu to Lissen, translated by Mohammed Ghalab, referenced by Ibrahim Madkour, Dar al-Haddatha, Beirut, Lebanon, vol.
- Byar-If Burobir (2006), Europe of Transformation, translated by Dr. Mohammed Ali Qald, P1, Daral Kitab / Benghazi-Libya.
- Saleh, Hashim (2005), Introduction to European Transformation, Dar Al-Tali'a Printing and Publishing House, Beirut-Lebanon, Vol.
- Al-Tujiri, Dr. Abdulaziz (2015), The Concept of Diversification in Islamic Imagery, Publications of the Islamic Organization in Moscow, Al-Rabat – The Moroccan Kingdom, Vol.
The Persians
- Azad, Peyman (1990), What is intellectual?, Portal University of Humanities, No.
- Mehdi, Yahya (1997), Shakan Yunan, Kharazmi Publishing House, Tehran.
Englishmen**.**
- Pascal Ory\Ory, Pascal and Sirinelli, Jean-François. *Les Intellectuels en France. De l'affaire Dreyfus à nos jours* (*The Intellectuals in France: From the Dreyfus Affair to Our Days*), Paris: Armand Colin, 2002, p. 10.